خالید شوانی وەزیری داد سەردانی زیندانی ناوەندی کەرخ دەکات

ئەمە دووشەممە،لەسەر بانگەوازی کەسوکاری زیندانییەکان، خالید شوانی وەزیری داد، بەیاوەری زیاد تەمیمی بریکاری پەشکەوتوو وبەڕێوبەری گشتی کاتیی فەرمانگەی چاکسازی عەراقیەویاریدەدەرانی فەرمانگەی چاکسازی عەراقی سەردانەکی مەیدانی بە زیندانی ناوەندی کەرخ ئەنجامدا.

بەشی ئاگایاندن وگەیاندنی حکومی وەزارەتەکە بەاویکردەوە وەزیری داد کەبوونەوەیەکی بەپەلەی لەگەڵ ستافی کارگێڕی زیندانەکە سازکرد بە ئاگاداربوون لەگرنگترین پەداویستییەکانی زیدانییەکان،وچارەسەرکردنی قەیرانی ئاوی خواردنەوە،هەروەها پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەندازیار عەمار موسا کازم ئەمینداری بەغدا ئەنجامدا، ورەکەوتن کرا لەسەر زیادکردنی بەردانەوە ئاوییەکان لەگەڵی پەمپەکانی ئاوی خواردنەوە بەڕێژەیەکی زەرتر،هەروەها جەنابی وەزیر ئیدارەی زیندانەکەی راسپارد پەلە بکەن لەناردنی تانکەرەکان بە دەستبەرکردنی ئاوی زیندانەکە.

هەر لەچوارچێوەی گەشتەکەیدا، وەزیری داد کەرتەکانی زیندانەکەی بەسەرکردەوە بە دەنیابوون لەگەیشتنی کەلوپەلەکانی بە زیندانییەکان،وهەروەها بەشێوەیەکی راستەوخۆ گوێبیستی سەرنج وداخوازییەکانی زیندانییەکان بوو،و رەنماییدا بەچاککردنەوەی ئامێرەکانی ساردکەرەوەی تایبەت

بۆزیندانەکە،ودەستەبەرکردنی تەواو کەلوپەلی مرۆیی وپیداوەستە پەویستەکان بە باشترکردنی دەخی بژەوی وژینگەی زیندانەکە.